# ئەنتی باوان یان سەپاندنی باوان ؟!

ئازادقەزاز
azad60@hotmail.com

ئەم دوو دەستەواژەیە (ئەنتی باوان ، سەپاندنی باوان ) دوو تێرمن چەندین ڕەهەندی فەلسەفی, دەروونی, ڕۆحی و مێژوویی لە خۆی دەگرێت و گوزارش لە پڕۆسەیەکی مێژووی و دەرونی و ڕۆحی وا دەکات کە مرۆڤ تیا هوشیارە لەوەی چۆن بتوانێ خۆی ڕزگار کات و پاشان خۆی ئازاد و سەربەخۆ بکات.
هەرچی نەتەوەیەك, کۆمەلگایەك, گروپێك یان تاکێك نەتوانێ بە پڕوسەی ( ئەنتی باوان ) دا تێپەڕ بێت , ئەوا ئەوانە بە ئاگا یان بێ ئاگا, کۆیلەن و چێژی ئازادیان نەکردوە.
ئەم پڕۆسەیە, پڕۆسەیەك نیە ڕوو لە ئەوی بێگانە یان دوژمن تەنانەت ئەوی دی دۆستیش, بکات. بەلکو پێش هەموو شتێك ڕووکردنە لە خودی نەتەوە خۆی, کۆمەلگا, گروپ یان خودی خۆت. چونکە خودی تۆ , نەتەوەکەت, کۆمەلگەکەت یان گروپەکەت کەلتور و میراتێکی وا سەخت و گرانی داوە بەسەر شانتدا, بۆ هەرکوێ بچیت هەلگری ئەو بارەیت و وا لەگەلی ڕاهاتووی و بۆتە بەشێك لە ژیانی ماددی و ڕۆحی خۆت. ناتوانی ئەو کات خۆت خۆتبیت. هەر ئەو پێکهاتە پێش وەختەی بۆت ئامادەکراوە پێش ئەوەی لە دایك بیت و بێ ئەوەی ویستی ڕاستەقینەی خۆتی تێدا بێ, تۆ پێك دێنێتەوە. ئیتر لێرەوە تۆ هەرگیز نابیتە خودی حەقیقی خۆت . بۆ ئەوەی جارێك تام وچێژی بوونی حەقیقی خۆت بکەیت, دەبێ ئەو بارە دانێیت , بەو پالەپەستۆیەی ڕا پێچت دەکات و ئاراستەت دیاری دەکات, بلێ: بوەستە , ئیتر بە فەرەرمانی ( تۆ) کە لە ڕاستیشدا هەر (خۆم )م, ناچم بەڕێوە وا لە بری ئەوەی پشتم لێتە و پالم دەنێ و کوێرانە دەڕۆم, ڕووت تێدەکەم و بەرت لێدەگرم و ڕاتدەگرم, چونکە کاتی ئەوە هاتووە هۆشیارانە گفتوگۆت لەگەل کەم. تا لەبری ئەوەی تۆ من دروست کەیت, من تۆ دروست کەم. لە بری ئەوەی ئاراستەم کەیت و بەرەو هەلدێرم بەریت, ئەوا من هۆشیارانە ئاراستەی تۆ دەکەم, لەبری ئەوەی تۆی مردو و ڕابردو – من – پێکبهێنیتەوە منی زیندو و هەنوکە –تۆ– ش زیندو دەکەمەوە و پێکتدەهێنمەوە.
ئەمەیە "ئەنتی باوان".

بەلام ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە, وەك نەتەوەیەکی ئەم ناوچەیە – لەچاو نەتەوەکانی دەورووبەرماندا– تا ئێستا پڕۆژەیەکی لەم شێوەیەی "ئەنتی باوان" سەریهەلنەداوە و مرۆڤگەلی ئێمەی پێدا تێنەپەڕیوە. بەلکو هەمیشە سەپاندنی باوان بووە, گوێڕایەلی و ڕازیکردنی باوان لەئارادابووە,وەبیرهێنانەوە و بەرهەم هێنانەوەی باوان سەرقالی کردووین, لاساییکردنەوەی باوان و شەرعیەت وەگرتن لە باوان لەناوماندا بووە , پشتی سەرمان تێکردوون و ئەوانیش بە ئارەزوی خۆیان وەك کۆیلە بە دەستی خۆمان ڕا پێچیان کردووین.

لای باوانمان هێندە پلەو پایەی دەسەلات بووەتە خەم و پەژارەیان هێندە ئەم چەمك و بنەمایانە گرنگی پێنەدراوە. دەسەلات لەکوێدا بووبێ, سەرکردەکانمان لە وێدا دەدۆزینەوە, گەر دەسەلات لای ئەو ئاراستەیە بووبێ کە لای خۆمان ناوی عیلمانیەتی لێنراوە – نەك عیلمانیەتی خۆرئاوا– ئەوا بە ناوی ئەو ئاراستەیەوە

دەدوێ. ئەگەر دەسەلات لای تقوس چێتی و ڕوالەتی بێت, ئەوا بێ ئاوڕدانەوە بەملاو لای خۆیدا کتوپڕ لەوێدا دەبینرێتەوە. تاسەی دەسەلات و غەریزەی خۆ دەرخستن و لاساییکردنەوەی ئەو دیکتاتۆرانەی کە خۆمان بە دەستیانەوە دەمانالان, پیشەی باوانمان بووە و تائێستاش هەربەردەوامن. دەسەلات وەرگرتن لەسەروی هەموو بەرژەوەندیە بالاکانەوە بووە ,لای جەماوەری کورد ئەوەی باوانی ڕابردوو و ئێستامان هەلیدەبژێرن, هەر ئەوەیە بەرژەوەندی بالای نەتەوەی کوردە. ئەوەی ئەوان دەیلێن هەمووی حیکمەت و فەلسەفەیە و هەموو تاکەکانی کورد بە قوربانی بن. شاسواری ڕێگە هەر ئەوانن. زانا و بلیمەت هەر خۆیانن. بەلێ باوانمان وابوون و ئەمڕۆشمان هەروا هێناوە, هەر ئەمەش دووبارە دەکەینەوە بۆ نەوەکانمان. بۆیە هیچمان نەبوە و ناشبێ بە هیچ. ئاخۆ کەی نەتەوەی کورد هۆشیار دەبێتەوە و دەگاتە قۆناغی ئەنتی باوان, بۆ ئەوەی سەپاندنی باوان دووبارە نەبێتەوە.

سەپاندنی باوان گرفتێکی کۆمەلایەتی و دەروونیە, تا ئێستە نەتەوەی کورد نەیتوانیوە تێی پەڕێنێت و جێی بهێلێت .سەپاندنی باوان بە تەنها کاراکتەری سەرکردەیەك و دوو سەرکردە نەبوە و نیە, بەلکو کەلتورێکە سەرتاپای دورون و ڕوحی نەتەوەی کوردی گرتۆتەوە. ئەو کەلتورە جەماوەرێکی وا ی پێکهێناوە کە هەر لەو جۆرەش سەرکردە بەرهەم دێنێت.

لێرەدا من  هێندەی هەولی خۆناسین و ئاشکراکردنی ئەو کاراکتەرانە دەدەم, هێندە مەبەستی ئەوەم نیە سەرکردەیەك لێرە یان لەوێ بریندار کەم. بەلام هەمیشە سەرکردەکانن دەبنە نوێنەری کاراکتەر و خەسلەتی نەتەوەکانیان و بە جوانی تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە و دەبنە ئەو ئاوێنەی کە کە ڕەنگ و ڕووخساری کۆمەلگەیان تیادەردەکەوێت. بۆیە گەر بێتوو ناو بەناویش سەرکردە هەست بە ناڕێکی کاراکتەر و خەسلەتی جەماوەریش بکات, ناتوانێ زۆر بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە ناڕەزایی خۆی دەربڕێ. چونکە شەرعیەت لە خۆی دەسێنێتەوە. بۆیە سەرکردە هەر ستایشی جەماوەر دەکات و جەماوەریش شتایسی سەرکردە دەکات. ئەمە وادەکات بگەمە ئەوەی کە بلێم سەرکردەش  و جەماوەریش هەدوو کۆیلەی ئەو ڕابردووەن . ئێمە هێشتا نەگەشتووینەتە تەنانەت ئاستی ململانێی ئاغا و کۆیلەکەی هیگلیش, بەلکو هەردوك سەرکردەو جەماوەریش کۆیلەی سروشت و غەریزەکانیانن, بۆیە هەردووك دەبێ بە  پڕۆسەی ئەنتی باواندا تێپەڕن تا هەردووك ئازاد و سەربەخۆبن.